**وەزارەتی ناوخۆ**

**ژمارە: ١٩٤٢٤ لە ٢٠٢٤/٧/١٤**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ،و دوا بەدوای ڕێنماییمان ژمارە(٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ کە لە ڕۆژنامەی وەقایعی کوردستان بە ژمارە (٢٩٦) لە ٢٠٢٣/١/٣٠ بڵاوکراوەتەوە ، و لەبەر بەرژەوەندی گشتی ، بڕیارماندا بە دەرچوواندنی ئەم ڕێنماییە :

**ڕێنمایی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠٢٤**

**هەمواری یەکەمی ڕێنمایی دروستکردنی کۆمەڵگەی (کڕین و فرۆشتن و چاککردنەوەی چەکی ئاگرین)و شوێنی ڕاهێنان لەسەر بەکارهێنانی چەک ، و سەنتەری مەشق و ڕاهێنانی کارمەندانی کۆمپانیای ئەمنی ژمارە(٢)ی ساڵی٢٠٢٣**

**ماددەی (١):**

هەموار کردنەوەی **ماددەی (١٩)** لە ڕێنمایی ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠٢٣ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە :

**ماددەی (١٩):**

هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ دەتوانن شوێنی ڕاهێنان لەسەر چەک و مەشق پێکردن بەکاربێنن بە داشکاندنی (٢٠٪) لەو نرخەی کە دیاری کراوە .

**ماددەی (٢):**

هەموار کردنەوەی **خاڵی (١) لە ماددەی(٢١)** لە ڕێنمایی سەرەوە و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێندرێتەوە

**ماددەی (٢١) : خاڵی(١)**

١- تا ڕێژەی(٢٠٪) لە داهاتی پرۆژە دەدرێتە وەزارەتی ناوخۆ ، و دەخرێتە سەر حسابی بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیا ئەمنیەکان و مۆڵەتپێدان لە دیوانی وەزارەتی ناوخۆ .

**ماددەی (٣):**

ئەم ڕێنماییە لە ڕۆژی دەرچوونیەوە جێبەجێ دەکرێت و لە ڕۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) بڵاودەکرێتەوە

**ڕێبەر ئەحمەد**
**وەزیری ناوخۆ**